شیعری وەگێڕدراو

ئێمە چەند ساویلکە بووین
ئێمە دەمانویست
بە وشە دەست بەسەر دنیادا بگرین
ئێستا ناتوانین
لە پشت کابووسەکانمانەوە سەردەرکەین

# چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی ڕەسووڵ یونان

لە فارسیەوە: حەمە عەباس



ڕەسووڵ یونان شاعیرێکی ئازەربایجانی ئێرانە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندێکی نزیک دەریاچەی (چێچست) کە لە نزیک شاری ورمێیە لە دایکبووە، بە فارسی و تورکی دەنووسێت و خاوەنی چەند کۆمەڵە شیعرێکە (ڕۆژباش خۆشەویستەکەم) و (کۆشیرک[illegible]) و (من کوڕێکی خراپم)، جگە لە شیعر چیرۆک و شانۆنامەش دەنووسێت، لەم بوارەشدا چەند کۆمەڵەیەکی هەیە و شیعرەکانی شاعیری گەورەی تورک (نازم حیکمەت)یشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە سێ بەرگدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە، تا تەمەنی حەڤدە ساڵی لە گوندەکەی خۆیان ژیاوە و دواتر چووەتە تاران و ئێستا لەوێدا دەژیت.

١

ورچێکی قاوەیی مەخمەڵیم کڕیوە
بۆ کچێک کە نیمە
چاویلکەیەکیش بۆ باوکم
کە ئیتر چاوەکانی نابینێ و
ئێستاش دەچم
بۆ ئەوێک کە نییە
گوڵی نەسرین دەچنم
شاد یان خەمگین
ژیان ژیانە و
ئەگەر سبەی
بۆ ڕاوکردنی پڵنگ چوومە دەریا
لاتان سەیر نەبێت



٢

خەریکبووم بۆ ئێرە دەهاتم
کە دووچاری ڕووداو بووم
لەپڕ ئوتومبێلێک هات و
خستمیە ژێرەوە
کە دەمویست لە شەقام بپەڕمەوە
ئەمە ڕوویدا
تەرمی خۆم لە گۆشەیەکی شەقامدا
لەناو بەفرا فڕێدا و هاتم
بەڵام بریا نەهاتایەم
نە دەمبینیت و
نە دەنگم دەبیستیت
بریا نەهاتایەم
من کە مردم بۆ دیدەنی تۆ دەهاتم

٣

هەموو شەوێک بۆ کوشتنی ئێمە دێت

ئەو مردووەی کەوا دەزانێ
ئێمە کوشتوومانە
بە ترسەوە لە خەو ڕادەپەڕم
(ئارەش) دەگرێت
(حامید)یش بیر لەو چەقۆیە دەکاتەوە
کە بڕیاربوو بچێتە دڵییەوە
ئێمە چەند ساویلکە بووین
ئێمە دەمانویست
بە وشە دەست بەسەر دنیادا بگرین
ئێستا ناتوانین
لە پشت کابووسەکانمانەوە سەردەرکەین



٤

کڵاوێک بەسەر چەوەکانی کەنارەوە
ناتوانێ ببێتە هی فریشتەیەک و
هیچ کەسیش
دۆلفینێکی بە کڵاوەوە نەبینیوە
یان...
من واهەستدەکەم
هی کەسێکی شاعیرە
کە دەریا لە خەیاڵیا
دەروازەیەکە
بۆ میوانییەکی تایبەت

٥

نائومید نیم
باس لە ئومێد بکەم
ئەوەی کە هەیە
نائومێدی ڕەها نییە
سەرەنجام کلیلێک
قوفڵی ژەنگگرتووی ئێمەش دەکاتەوە